# ڕێپۆرتاژە سەقەتەکانی کوردسات

سەردار علی کەریم
ئەڵەمانیا

ئەو ڕۆژە سەیری ڕێپۆرتاژێکی تەلەڤزیۆنی کوردساتی یەکێتی م کرد لە ژێرناوونیشانی ڕای گشتی!!! کە دیاربوو لاساییکردنەوەی بەرنامەیەکی لەم شێوەی کوردستان تیڤی بوو کە ماوەیەکی زۆرە ڕۆژانە پەخش دەکرێت بەناوی {پەیڤی خۆت}،بەڕێزان لێرەدا ئەوەی دەمەوێت باسی لێوە بکەم بەردەوام بوونی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ی.ن.ک ە لەسەر کاری ساختەو چەواشەکاری و لە خشتەبردنی خەڵکی ساویلکەی کوردستان، بێگومان ئەوانەی لە ماهیەتی ڕاگەیاندنی ی.ن.ک گەیشتوون نەک بە بەرنامەیەکی سەقەتی وا بگرە بە هەزاران ڕێپۆرتاژو لێدانی بلووری لەم جۆرە هیچ شتێک کاریگەری لەسەریان نابێت بەڵام ڕاگەیاندنی ئەو حزبە هەردەم ئاڕاستەی خەڵکی ساویلکەو خۆش باوەڕە، ئەم جارەیان کوردسات لەهەوڵی ئەوەدابوو کە ڕای گشتی درووست بکات بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان هەرچی زووە کۆببێتەوە کە ئەمە داواکاری هەرهەموومانە بەلام نەک بەوشێوەیەی کە کوردسات دەیەوێت،کوردسات هەوڵی دەدا کە بەشداربووان بڵێن ئێمە دژی دەستخستنە ناوکاروبارەکانی پەرلەمانین لەلایەن حزبەکانەوە کە ئەمەشیان شتێکی باشە،بەڵام کارەساتەکە لەوەی دایە ئەی لە ساڵی 1994 کێ بوو؟ بە فەرمانی کێ بوو تەلاری پەرلەمان داگیرکرا؟ کام لایەن بوو سووکایەتی بەیەکەم پەرلەمانی کوردستان کرد؟لە بەشێکی تری قسەکانی بەشداربووان کوردسات وای پیشان دەدا کە گوایە ئەوپەرلەمانەی کەوا 14 ساڵە هەیە خراپ بوو، بۆیە بەشداربووان داخوازیان دەخستە ڕوو بۆ پەرلەمانی هێشتا کۆنەبووی هەرێمە زامدارەکەمان کە تەنانەت جارێ ئەندامەکانی یەکتری ناناسن داخوازیەکانیش بریتی نەبوون لە داواکردن لەپەرلەمانی کوردستان کە زوو حکومەتی یەکگرتووی هەرێم درووست بکات یان یاسای وا دابڕێژێت کە لە بەرژوەندی گەلی هەرێمی کوردستان بێت لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە مافی هەموو کەسێک پارێزراوبێت یان داخوازی بۆ دەمەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ بەڵکو داواکاری و داخوازیەکانی بەشداربووان بەپێی حەزوو ئارەزووی کوردسات بریتی بوو لە چەند داواکاریەکی سادەو بچووک کە هیچ کامێکیان لە مافە خزمەتگوزاریەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان تێپەڕی نەدەکرد کە ئەمانەش هەمووی ئەرکی حکوومەتە وەک دەزگایەکی تەنفیزی نەک پەرلەمان کە تەنها دەسەڵاتی تەشریعی هەیە. لە کۆتایی دا دەپرسم کە ئایا کوردسات چۆن خۆی ئامادە دەکات بۆ دروستکردنی ڕای گشتی لەکاتی ڕاگەیاندنی حکومەتی یەکگرتوو؟ ئایا ئەوکاتەش داوالەبەشداربووان دەکات کە بڵێن ئەو حکومەتەی ئێستا خراپ بوو داوا لە حکومەتی نوێ دەکەین کە باشتر بێت ، ئومێدەوارم کە کوردسات لەم بازنە تەسکەی حزبایەتی بێتە دەرەوە با هەموو کورد هەست بکات کە ئەمە تیڤی هەمووانە نەک هی دەستەو لایەنێکی دیاریکراو.